# مەها ئەلخەلیل: بەرنامە کۆمەڵای



مەها ئەلخەلیل هەڵگری نازناوی (ملیحه ئەلعەرەب) بۆ ساڵی ٢٠٠٤، هەروەها لە چەند کەناڵێکیش کاری راگەیاندنی کردووە، مەها زۆر سەرنجراکێشە بەتایبەتی لە پۆشینی جلوبەرگدا. بۆیە لەکاتی بەدەستهێنانی ئەو نازناوە، زۆر شت دەربارەی گوترا. تەنانەت هەندێک کەس بە ئاشکرا دەیانگوت شایەنی ئەو نازناوە نییە. مەها لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لەگەڵ هونەرمەندی عێراقی (ماجد ئەلموهەندس) بەشداری لە کلیپی (اگوم درجنی) دا کرد، لە کلیپەکەدا رۆڵی سەرەکی بینی. مەها دەڵێ بە هیچ لایەنێک یان کەناڵێکەوە نەبەستراوەتەوە بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵدا بکات، بەڵام هەر کارێک لە بواری راگەیاندن هەبێت کە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی بگونجێت، بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتی، ئەوا دوای دیراسەت کردنی ئەنجامی دەدات. مەها لە پەیوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

* بەشێوەیەکی گشتی نازناوی (ملیحه ئەلعەرەب) چ کاریگەرییەکی بەسەر ژیانتەوە هەبووە ؟

- بێگومان هەر مرۆڤێك کە نازناوێك بەدەست دەهێنێت، جا لە هەر بوارێکدا بێت ئەوا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی تایبەتی خۆیەوە دەبێت لە هەموو بوارەکاندا، لە هەموویشی گرنگتر دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە زیاتر بناسرێت، بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر کەین کە رەنگە زۆر جار نازناو و ناوبانگ زیانیشت پێ بگەیەنن یان ببنە مایەی ئازار بۆ کەسەکە.

* وەك کچێك بەتایبەتی لەبواری خۆارکەوە چۆن گرنگی بە جوانی خۆت دەدەیت ؟

- بێگومان ئەم مەسەلەیە بۆ هەموو کەسێك گرنگە، کە گرنگی بە تەندروستی خۆی بدات و هەوڵ بدات بەشێوەیەك بێت کە لە نەخۆشی و کێشی زیادی لەش دوور بکەوێتەوە، منیش بەرنامەیەکی تایبەتم هەیە لەو بوارەدا کە لەگەڵ تەمەن و کێشی مندا دەگونجێت.

* دوای ئەوەی نازناوەکەت بە دەستهێنا زۆر شت لەبارەی تۆ گوترا، هۆکاری ئەمە چی بوو؟

- من هیچ ناکۆکیەك لەگەڵ کەسدا نەبووە، جۆرێك لێك نەگەیشتن هەبووە لەنێوان من و رۆژنامەنووسێك کە زۆر پەیوەندی بە منەوە نەبوو، بەڵام هەندێك لە دەزگاکانی دیکەی

# ...ـەتییەکان زیاتر سەرنجم رادەکێشن

راگەیاندن بارودۆخەکەیان قۆزتەوە و گەورەیان کرد و هەندێك قسەی ناڕاستیان لەسەر زاری من بڵاوکردەوە، ئەمەش هەمووی دوای ئەوەی نازناوەکەم بەدەست هێنا.

* لە راگەیاندن حەز لە چ کارێك دەکەی؟

- کەسی راگەیاندنکار دەبێ بەر لە هەموو شتێك خۆی و توانا تایبەتییەکانی خۆی هەڵبسەنگێنی، ئینجا بڕیار بدات چ کارێك بکات بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا کارێك نەخاتە سەر شانی خۆی، کە بزانێت تێیدا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە منیش حەز لە کارێك دەکەم کە لە ئاستێکی بەرزدا بێت تاکو خۆم هەڵبسەنگێنم، حەزیش دەکەم بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووم هەبێت بەجۆرێك کە جەماوەرێکی باشی هەبێت، چونکە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر سەرنجم رادەکێشن.

* سەرەتا چۆن رووت لە پێشکەش کردنی بەرنامەکان کرد؟

- یەکەم جار بە بەرنامەی هەمەڕەنگ دەستم پێکرد دواتریش داوام لێکرا چەند بەرنامەیەکی جۆراوجۆر لە چەند کەناڵێك پێشکەش بکەم و تا ئێستاش بەردەوامم.

* بۆ رزگار بوون لەو گرفتە کێ یارمەتی دای ؟

- من نامەوێ بە هیچ شێوەیەك باس لەو مەسەلەیە بکەم، چونکە تێپەڕیوە و نامەوێ لاپەڕەی کۆن هەڵدەمەوە.

*بیرت لە گۆرانی گوتن نەکردۆتەوە؟

- بەڵێ گۆرانییەکیشم تۆمار کرد، بەڵام ماڵەوە نەیانهێشت و پێیان باش نەبوو بڵاوی بکەمەوە، بۆیە بڵاومان نەکردەوە.

*بۆ؟ توانای گۆرانی گوتنت نەبوو؟

- من هەستم دەکرد کە بەهرەی گۆرانی گوتنم هەیە، دڵنیا بووم لەوەی کە سەرکەوتوو دەبم، بەڵام ئیتر وای لێهات کە بڵاوی نەکەمەوە.

* بۆچی زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی شاجوانن یان نمایشکاری جلوبەرگن روو لە کاری هونەری دەکەن، جا نواندن بێت یان گۆرانی گوتن؟

- بێگومان رێکخەرانی بواری هونەری جا ئەوانەی لە بواری سینەما و تەلەفزیۆن بن یان شاعیر و موزیکژەنەکان هەوڵ دەدەن سوود لە ناوبانگی شاجوانەکان وەربگرن بەتایبەتی لەرووی جەماوەرییەوە، بۆ ئەوەی لەکارەکانیاندا سەرکەوتوو بن.

* کەواتە جوانی مەرجە بۆ ئەوەی هونەرمەند سەرکەوتوو بێت؟

- نەخێر من مەبەستم ئەوەیە کە سوود لە ناوبانگیان وەردەگرن، چونکە کاتێك پێشبڕکێی شاجوانان ئەنجام دەدرێ، زۆرترین جەماوەر سەیری دەکەن و لەو ماوەیەدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵك سەرقاڵی ئەوە دەبن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە مایەی ئەوەی لە رووی جەماوەرییەوە بناسرێن، تەنانەت دوای تەواو بوونی پێشبڕکێیەکان ئەگەر سەرکەوتووش نەبن یاخود پلەی یەکەمیان بەدەست نەهێنا، ئەوکاتیش خەڵك حەز دەکەن ئاگاداری ژیانیان بن. گۆرانی و نواندنیش باشترین هۆکارن بۆ بەردەوام بوون، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە زۆریان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و لە سەرکەوتنیشدا بەردەوامن.

* لە سەرکەوتنی هونەرمەنددا جوانی چ رۆڵێکی هەیە ؟

- جوانی تا رادەیەك رۆڵی هەیە بۆ سەرکەوتن، بەڵام رۆڵی سەرەکی نییە، چونکە زۆر رۆڵ هەیە کە پێویستی بە کەسانی وا هەیە کە جوان نەبن، یان بەو شێوەیە نەبن کە خەڵك پێیان وایە جوانە.

* چۆن بوو لەگەڵ هونەرمەند ماجد ئەلموهەندیسدا بەشداریت لە گۆرانی (گوم درجنی) کرد؟

- ماجد ئەلموهەندیس یەکێك لەو هونەرمەندانەیە، کە هەموو کەسێك حەز دەکات بەشداری لە کلیپەکانیدا بکات، کاتێك داوام لێکرا بۆ ئەوەی لەو کلیپەدا رۆڵی پاڵەوان ببینم، بە خۆشحاڵییەوە رازی بووم و پێم وایە زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بم.

* بۆچی زۆر رەخنە لە جلوبەرگەکانت دەگیرێ؟

- من پێموایە جلوبەرگەکانی من زۆر ئاساییین وەکو هەر کچێکی دیکە، بەڵام ئەوەش یەکێکی دیکەیە لە باجەکانی ناسراوی و ناوبانگ دەرکردنە، ئەگەر من ناسراو نەبام ئەوا کەس باسی نەدەکردم.

* رۆڵی راگەیاندن چییە، بۆ یارمەتیدانی راگەیاندنکار و هونەرمەندان؟

- راگەیاندن رۆڵێکی دوو لایەنەی هەیە، بۆیە ئەگەر بە رێرەوی راستەقینەی خۆیدا بڕوات ئەوا کاریگەری ئیجابی دەبێت بەتایبەتی لەسەر کاری هونەرمەندان، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندن





گرتوویانەتە بەر، ئەویش زیاتر ناوزڕاندنی هونەرمەندان بێت، ئەوا بێگومان کاریگەرییەکی سلبی دەبێت. لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان هونەرمەندان و ڕاگەیاندن باش نەبێت.

* زیاتر گۆرانی چ هونەرمەندێك دەڵێیتەوە؟

- هەر گۆرانییەك کە خۆش و سەرنجڕاکێش بێت و پێم خۆش بێت ئەوا دەیڵێمەوە.

* حەز دەکەی بەشداری لە ریکلامی بازرگانیدا بکەی؟

- بێگومان حەز دەکەم، چونکە بەشداری کردن لە ریکلامی بازرگانیدا مانای ئەوەیە کە ئەو هونەرمەندە یان نمایشکارە ناوبانگێکی زۆری هەیە، واتە نیشانەی ئەوەیە کە لەرووی جەماوەرییەوە سەرکەوتووە، لە هەمان کاتدا لەرووی ئابووریشەوە سوودی هەیە.

* ئایا بەشداری کردن لە کلیپ و بینینی رۆڵی پاڵەوان نیشانەی ئەوەیە کە تۆ دەتوانی لە فیلم و زنجیرەشدا رۆڵ ببینی و سەرکەوتوو بی؟

- کلیپ بۆ خۆی جۆرێکە لە نواندن، بەڵام لەوانەیە تەنیا ئەو جیاوازییەی هەبێت کاتەکەی کورتترە و گفتوگۆی تێدا نییە، بەڵام زۆر کچی هونەرمەند هەن کە لە ڕێگای کلیپەوە روویان لە ئەکتەری کردووە.

* لەسەر ئاستی خوێندن بەچی گەیشتووی؟

سەرەتا پەیوەندیم بە کۆلێژی مافەوە کرد، بەڵام دواتر نەمتوانی تەواوی بکەم، چونکە حەزم دەکرد لە بواری دیزاینی جلوبەرگدا زیاتر شارەزا بم، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی نازناوی (مليحه العرب) بەدەست بهێنم.

* ئایا مەرجە ئافرەتی هونەرمەند بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، تەنیا پشت بە جوانی و سەرنجڕاکێشان ببەستێت؟

- نەخێر من بە هیچ شێوەیەك پشتگیری لەو ئافرەتانە ناکەم، کە هەوڵ دەدن تەنیا بە سەما و خۆ رووت کردنەوە سەرنجی بینەر بۆ خۆیان رابکێشن، بەڵام دەبێ ئافرەتیش شتێکی وا بکات کە بە جۆرێك لە جۆرەکان مێینەیی خۆی بە دیار بخات، هەروەها دەبێ جیاوازیش بکەین لەنێوان جورئەتی هونەرمەندی ئافرەت، چونکە هەندێکیان بە جورئەتەوە دەردەکەون بێ ئەوەی کەسێك بتوانێت رەخنەیان لێبگرێت یان بە دەرچوون لە رەوشت تاوانباریان بکات.

* ترسی ئەوەت نییە ئەو ناوبانگە خراپەی هەندێك لە نمایشکارەکانی جلوبەرگی لوبنانی هەیانە تۆش بگرێتەوە؟

- من پێموایە هەر بوارێك ناوبانگی باش و خراپی خۆی هەیە، نەك کەسانێکی دیاریکراو وەك ئەوەی ئێستا وا باوە.

.* ئێستا زۆر لە کچە راگەیاندنکارەکان بەرنامەی سیاسی پێشکەش دەکەن، تۆ بیرت لەمە نەکردۆتەوە؟

- نەخێر ئێستا بیر لە کاری سیاسی و بەرنامەی سیاسی ناکەمەوە، بەڵام نازانم لە داوڕۆژدا کاری لەو جۆرە ئەنجام دەدەم یان نا؟

* تا چەند گرنگی بە دەوڵەمەندی کەسێك دەدەی، ئەگەر بۆ ژیانی هاوبەش داوای لێکردی؟

- نەخێر دەوڵەمەندی یان جوانی بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە، ئەوەی زۆر گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە کە کەسێك بێت بتوانێت ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرێت، لە هەمان کاتدا بەهای من بزانێت و وەکو پێویست گرنگیم پێبدات.

* لەکاری راگەیاندن تاکەی بەردەوام دەبی؟

- تا ئەو پەڕی کە توانام هەبێت بەردەوام دەبم، ئەگەرچی ئێستا نەگەیشتوومەتە ئەو ئاستەی کە هیوا و ئاوتەکانی من بهێنێتە دی.

## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# "جۆن-ی ئازیزم" ئەڤاتاری لەکوتکە هێنایە خوارەوە


1



2


3


4

فیلمـــی "Dear John" جۆنی ئازیزم، بەکۆکردنـــەوەی زیاتـــر لە٣٠ ملیـــۆن دۆلار لەتەنها سێ رۆژ نمایش کردن لە سینەماکانی ئەمەریکا توانی پلەی یەکەم بەدەســت بێنێت، و گەورەترین فیلمی مێژوو "ئەڤاتار" رادەستی دووەم بــکات. دوای ئەوەی حەوت هەفتە ئەو پلەیەی بەرندەدا و پێی بووە گەورەترین فیلم لە مێژووی ســینەما کە تائێستا زیاتر لە ٢،٢٠٠ ملیارد دۆلاری لەجیهان بەدەست هێناوە.

جۆنی ئازیزم، فیلمێکی رۆمانســییە، وەک روون و ئاشکرایە ئەم جۆرە فیلمانە بەهۆی ئەوە گرتە پرســۆزداری و خۆفیداییەی دووعاشق بۆیەکـدی دەکەن، بــێ گوێدانــە دەرەنجام، وادەکات بینەر بەئاســانی بۆخۆی رابکێشێت، لەم فیلمانەدا جوانی روخســاری ئافرەتەکە و سەرنجراکێشی و بەهێزی پیاوەکە رۆڵی گرنگ دەبینن لە تەژی بوونی هۆڵەکانی سینەما.

فیلمەکــە بــاس ســەربازێکی مارینزی ئەمەریکی دەکات، هەر بەیەکەم نیگا تووشی داوی خۆشەویســتی کچێــک دەبێــت. ئــەم کــورە لەهاوینەهەوارێکی گەشــتوگوزاری دەژیت، لەقــەراغ دەریا، کچەکەی دڵبەری لەگەڵ کۆمەڵێک لەهاورێیانی بۆ پشوو رووەدەکەنە ئەم ناوچەیە، و ئەم کورەش لەکاتێکدا بەسەرنجەوە تەماشای جوانی کچەکە دەکات، لەبەســتێکی قەراغ دەریاکە جانتای کچەکە دەکەوێتە خوار، ئەمیــش بەبێ بەرنامەڕێژی خۆی فڕێ دەداتــە دەریاکەوە، و جانتاکەی بۆ دەهێنێتەوە. ئیتر لێرەوە یەکتر ناســین دروســت دەبێت، تا هەموو بەشەکانی تری هەر چیرۆکێکی خۆشەویستی، بەڵام وەک چۆن هەموو جارێــک رێگرێك دەبێت بەردەمیان بگرێت، رووداوەکانی یازدەی سێبتەمبەر دەبێتە هۆکار کەوا بۆماوەیەکی درێژخایــەن لێك داببرێن، چونکە کورەکە بەفەرمانی میری وەك هەزارەها ســەربازی تــری ئەمەریکی رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "لاس هالســترۆم"ە، و لە پاڵەوانێتی "چانینج تاتۆم، ئەماندا ســیفریت، رچارد جینکینز، و هێنری تۆماس"ە.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1- Dear John (٣٠،٤٦٨ ملیــۆن$)، کــۆی داهــات: ٣٠،٤٦٨ ملیــۆن$، بەیەك هەفتە.

2- Avatar (٢٢،٨٥٠ ملیۆن$)، کــۆی داهات: ٦٢٩،٣٤٤ ملیۆن$، بە٨ هەفتە، پلەی پێشو:٢.

3- From Paris With Love (٨،١٥٨ ملیــۆن$)، کــۆی داهات: ٨،١٥٨ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

4- Edge of Darkness (٦،٨٥٥ ملیۆن$)، کۆی داهات: ٢٨،٩٤٧ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٢.

5- Tooth Fairy (٦،٦٢٩ ملیــۆن$)، کۆی داهــات: ٣٤،٤٦٩ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

6- When in Rome (٥،٥٤٩ ملیۆن$)، کۆی داهات: ٢٠،٩٤٤ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٣.

7- The Book of Eli (٤،٧١٧ ملیــۆن$)، کــۆی داهات: ٨٢،٠٤٥ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو٥.

8- Crazy Heart (٣،٥٦٧ ملیــۆن$)، کۆی داهــات: ١١،١٠٥ملیۆن$، بە٨ هەفتە، پلەی پێشو:١٤.

9- Legion (٣،٥٤٧ ملیۆن$)، کۆی داهات: ٣٤،٧٣١ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٦.

10- Sherlock Holmes (٢،٥٣٥ ملیۆن$)، کۆی داهات: ٢٠١،٤٨٤ملیۆن$، بە٧ هەفتە، پلەی پێشو٨.


5


6




7


8



9



10

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی

## شێروان بیرکۆتی:

# غەریبی وای لێکردم حەیران بڵێم

***هونـەری کوردی بە هەندێك کەس نە دەڕووخێت و نە بەرەو پێشـەوە دەچێت***

***شـێروان بێرکۆتی ئـەو هونەرمەندەی کە سـەرەتای ژیانی هونەری خۆی بە گوتنی حەیران دەسـت پێکرد، بە ماوەیەکـی کـەم وەك حەیرانبێژێکی بەتوانا خۆی دەرخسـت و جەماوەریش پێشوازیان لە بەرهەمەکانی کرد. شێروان لە دوو ستایلی جیاوازدا هونەری خۆی دەنوێنێ، حەیران و گۆرانی شـایی و هەڵپەڕکێ. بـەڵام خۆی پێی وایە لە گوتنی حەیراندا سـەرکەوتووترە. بۆ زانینی نوێتریـن بەرهەم و گفتوگۆ کردن لەبارەی چەند پرسێکی هونەری، چەنـد پرسـیارێکمان ئاراستە کرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.***

*** بۆچی ماوەیەکە بەرهەمی نوێت نییە؟**

- من سـەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆمم لە هەندەران، ئامادەکردنی بەرهەم ئاسان نییە وەك ئەوەی خەڵك لە تەلەفزیـۆن بە پێنج خولەك دەیبینن، لەوانەیە چەندین مانگ یان سـاڵێك کاری بۆ بکەی تەنیا بۆ ئەوەی پێنج خولەك لە تەلەفزیۆن پیشان بدرێت. هەندێك گرفتی تایبەتم هەبوو لەبەرئەوە نەمتوانی بەرهەمێکی تەواو ئامادە بکەم. بەڵام لەم ماوەیە بەرهەمێکم تۆمار کرد بەناوی (هەڵپەڕکێ و شـایی) کە گۆرانییەکی هەڵپەڕکێیـە بۆ کۆڕەك تیقی، بەنیازم لەداهاتوویەکـی نزیکدا بەرهەمێکی تـر پێشـکەش بکـەم کە حەیرانێکی خۆشە.

*** بیـرت لەوە نەکردۆتـەوە CD یەکـی تایبـەت بـە لاوك و حەیران بەرهەم بێنی؟**

- ئەوەی راسـتی بێت ئەوەندە ئاسان نییە، حەیران زۆر قورسـە، دەبێت ئیشی بۆ بکرێت، حەیران کەسـێکی زانا و لێهاتووی دەوێت کە بتوانێت یارمەتیم بدات، حەیرانێك کە دادەنرێت وەکـو ئاوازێك یان مەقامێك نییە، پێویسـتە ماوەیەکـی زۆر کاری بـۆ بکەی بۆ ئەوەی حەیرانێکی سـەرکەوتوو بێـت، گوتن و دانان و تۆمارکردنی زۆر قورسـە. هیوادارم بتوانم لەماوەیەکـی کورت CDیـەك تۆمار بکەم هەمووی حەیران بێت، بـەڵام ئەمە کاتێکی زۆر و پارەیەکی زۆری دەوێت.

*** تا ئێسـتا بۆ بەرهەم هێنانی کارەکانت کەسێك، یان لایەنێك هاوکاری کردوویت ؟**

- دەتوانم بڵێم لەلایەن تەلەفزیۆنی نەورۆزە لەسـاڵی ٢٠٠٥ دا، پارەی سـێ کلیپیان بۆ خەرج کردم کە ئـەو کات تەلەفزیۆنی هەرێم بـوو، ئەویش پارەیەکی زۆر کـەم بوو کە لە دەرەوە نەدەکرا تایتڵی کلیپەکەی پێ بنووسم، لەهـەردوو کلیپی کەنیلە و ئـەو کلیپەی بۆ حەیران پێشکەشم کرد نزیکەی ٥٥-٦٠ وەرەقەم خەرج کرد هەمووی لەسـەر ئەرکی خۆم بوو، تا ئێسـتا هیچ کۆمپانیایـەك یان لایەنێکی حکومی یارمەتی نەداوم.

*** تۆ حەیران دەڵێی لەهەمان کاتدا گۆرانی هەڵپەڕکێش دەڵێـی، زیاتر خۆت لەکامیان دا دەبینیتەوە؟**

- بـەر لەوەی دەسـت بە حەیـران گوتن بکەم گۆرانی لەسـەرخۆم دەگوت، غەریبی وای لێکردم دەسـت بە حەیران بکەم، ئێستاش پێموایە ئەوەندەی گوێم لە قسـەی خەڵك بووە خۆم لەحەیران سەرکەوتووتر دەبینم و زیاتر خۆم لەحەیراندا دەبینمەوە. هیوادارم رێچکەی حەیران بەرنەدەم و پەرەی پێ بدەم.

*** حـەز دەکـەی هونەرمەندانـی تریش**



**روو لەو بوارە بکەن و حەیران بڵێن؟**

- بەڵێ، حەزم لێیە هەموو کەسێك بتوانێت حەیران بڵێت، لەبەر ئەوەی حەیران موڵکی نەتەوەی کوردە، موڵکی من نییە. گرنگ ئەوەیە تێکی نەدات. هەر شتێك بە من بکرێت بۆ هەر هونەرمەندێك ئامادەم بیکەم و یارمەتی بدەم.

*** بەرامبەر ئێستای هونەری کوردی رات چییە؟**

- لەڕاستیدا هونەری کوردی دەریایە، هونەری کوردی بە چەند کەسێك نەدەڕووخێت نە بەرەو پێشەوە دەچێت، بەڵام زیاتر هونەری کوردی لەئاستێکی باش دا دەبینم، هەندێك کەموکورتی هەیە کەسانێك هەن هونەری کوردیان شێواندووە ئەویش ناحەقی ئەوان ناگرم و گلەیی لەوان ناکەم، بەڵکو دیگەڕێنمەوە بۆ باڵادەستەکانی خۆمان، بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنەکان، کۆنترۆڵێك یان سانسۆرێك لەکەناڵەکان نییە، ئەوەش بۆتە واستە کەسێك گۆرانییەك دەڵێت کە زۆر نەشازە کەچی بەڕێوەبەرەکە دەڵێت بۆی دابەزێنە لەبەر ئەوەی واستەی هەیە. ناڵێت ئەوە هونەرە و هەموو دنیا دەیبینێت، بۆیە هیوادارم سنوورێك بۆ ئەو دیاردەیە دابنێن.

*** پێتوایە لاوك و حەیران تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراو یان سەرتاسەرین؟**

- راستییەکەی کە دەڵێی حەیران ئەوە دەشتی هەولێر دەگرێتەوە، قەراج و کەندێناوە بە گشتی دەشتی هەولێر دەگرێتەوە.لاوك دەڤەری بادینان دەگرێتەوە. هەردووکیان داستان و کلتوورێکی گەورەی کوردن، من دەشتی هەولێر بە لاوك و حەیرانەوە دەناسمەوە.

*** بە رای تۆ چی وادەکات هونەرمەند لای جەماوەر خۆشەویست بێت؟**

- هونەرمەند ئەگەر بیەوێت خۆشەویست بێت و خەڵکانێك باسی بکەن، یەکەم شت دەبێت رەوشتی جوان بێت، هونەرمەند هەیە کە هیچ نەبوو لەناو جەماوەرە و بەجەماوەر خۆی هەڵدەواسێت، بەڵام کە ناسرا خۆی لەجەماوەر دەشارێتەوە، ئەمە زیانی بۆی هەیە. دەبێت هونەرمەند لەناو ئێش و ئازاری جەماوەر و خەڵك بێت، روحی گەورە نەبێت و لووت بەرز نەبێت لەبەر ئەوەی هەر ئەو جەماوەرە هونەرمەند دروست دەکات،من شێروان بێرکۆتی لەماڵی خۆم هەر شێروانی دایك و باوکی خۆمم، بەڵام کە بوومە هونەرمەند کوڕی هەموو میللەتم، واتە هونەرمەند کوڕی میللەتە.

*** کاردانەوەی خەڵك چۆن بووە بەرامبەرت و چۆن دەڕوانیتە رەخنە؟**

- گوێم لەهەموو قسەیەك دەبێت باش و خراپ، رەخنەی هەموو کەسێکیش وەردەگرم. بەڵام گرنگ ئەوەیە تا ئێستا قسەیەکی ناخۆشم بەرامبەر نەکراوە، لە زۆر کاریکاتێر و دیمەنی مۆبایل و راگەیاندنەکان دەبینم چەندین هونەرمەند لەگەڵ ریتم بۆیان شتی کاریکاتێریان پێ کراوە، بەڵام تا ئێستا شتێکی وا بەرامبەر من نەکراوە، ئەوەش مایەی شانازییە بۆ من.

*** رات چییە بەو شەپۆلەی کە ناوی لێنراوە تازەگەری؟**

- تازەگەری وەکو رەخنە وایە، رەخنەی رووخێنەر و رەخنەی دروستکەر، تازەگەری دەبێت بنەمای هەبێت. وەکو باڵەخانەیەك بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت دەبێت بناغەیەکی باشی هەبێت، ئەگەر بناغەکەی باش نەبێت دەڕووخێت. تازەگەری پێویستە بۆ چەند ساڵێك بمێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر گۆرانی هەن تەمەنیان لەدوو هەفتە زیاتر نییە، کلیپەکە جوانە و ئافرەتی جوانی تێدایە، بەڵام تەمەنی درێژ نییە، لەبەر ئەوەی رەسەن نییە و بناغەی نییە.

*** تۆ لەنەرویژی، ئەو وڵاتە زۆر هونەرمەندی کوردی لێیە؟**

- زیاتر هونەرمەندانی کورد لە سوید یەکتر دەبینن و هونەرمەندانی نەرویژ ژمارەیان کەمە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. هەر هونەرمەندێك جەماوەری خۆی هەیە و کاری خۆی دیارە، حەز ناکەم ناوی هونەرمەندێکی دیاریکراو بڵێم.

*** بۆ تۆ نەرویژ خۆشترە یان کوردستان؟**

- ژیانی نەرویژ و کوردستان ئەوەندەی زەوی و ئاسمان جیاوازی بۆ من هەیە، ژیانی هەندەران بەڕاستی بخۆ و بڕۆیە، ئەگەر کارێکی تر نەکەی ناتوانی کاری هونەریت ئەنجام بدەی. من کەسێك نیم بتوانم لەسەر سۆشیال بژیم، من هەر کارم کردووە، ئێستا لەوێ کاری دارتاشی خانوو دەکەم، کۆمپانیای خۆم هەیە لەنەرویژ خانوو دروست دەکەم، ئەگەر ئەو کارە نەکەم ناتوانم حەیرانێك بە کلیپەوە پێشکش بکەم. ژیان لەوێ زۆر سەختە. دەبینم کوردستان زۆر ئارام و خۆشە، بەڵام بەداخەوە یاسایەکی زۆر رێکوپێکی تێدا نییە.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە بە یەکجاری بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

- مرۆڤ کە دێتەوە چاوی دەترسێت لەو شتانە، کە لەنەرویژم رۆژ دەژمێرم کەی دێمەوە کوردستان، کەچی کە دێیتەوە بەو شێوەیە نییە. سادەترین نموونە کە ئێشت بکەوێتە فەرمانگەیەك خۆت لەپێش چاو دەکەوێت،



ئیشی پێنج خولەکە پەنجا ژوورت پێدەکەن، ئەگەر ئەوە نەمێنێت زۆر باشە و هەموو شتێك بە پێی یاسا بەڕێوە بچێت کارێکی زۆر گرنگە.

*** هاندەری چ یانەیەکی؟**

- هاندەری یانەی بەرشەلۆنەم، بەرشەلۆنەم خۆشدەوێت، من کاتم نییە و زۆر تەماشای یارییەکان ناکەم، بەڵام هەندێ جار لەگەڵ هاوڕێکانم سەیری یاری ریال و بەرشەلۆنە و یانە بەناوبانگەکان دەکەین.

*** ئەی حەزت لە کام خواردنە؟**

- ئەگەر هەر سێ ژەم برنج و مەرەگە بخۆم بێزار نابم، برنج و مەرەگە هەبێت خواردنی تر ناخۆم، پێش ئەوەی بچمە دەرەوە نەمدەزانی خواردن ئامادە بکەم، بەڵام ئەوروپا هەموو شتێکت فێر دەکات و ئێستا دەزانم خواردن دروست بکەم.

*** نوێترین بەرهەمت چییە و کەی بڵاو دەبێتەوە؟**

- بەنیازم بەرهەمێکم کلیپ بکەم و حەیرانێکی زۆر خۆش و سەردەمیانە ئامادەیە بەم نزیکانە بەشێوە کلیپ تۆماری بکەم و بڵاوی بکەمەوە. حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە کاك سەید عەزیز بەرزنجی ئەو حەیرانەی بۆ داناوم، کە باوکی لێزانە، بەرپرسی سایتی لێزان. کە خزمی خۆمە و هونەردۆستە و زۆر ماندووە لەگەڵ کارە هونەری و ریکلامەکانم. بەم زووانە حەیرانەکە بڵاو دەکەمەوە، بەڵام کاتەکە دیارنییە. دەمەوێت ئەوەش بڵێم بەم دواییە بۆ جاری یەکەم لەهەولێر، حاجی عوسمان رەحمان قەساب کتێبێکی حەیرانی بڵاو کردۆتەوە چەند حەیرانێکی خۆشی بۆ هێناوم، لەگەڵ سەعدوڵڵا شێخانی حەیرانێکیان لەسەر من و بێرکۆت داناوە، هەوڵ ئەدەم ئەو حەیرانەش تۆمار بکەم، سوپاسی ئەو دوو بەڕێزە دەکەم.



## هونەرمەند بەکر ڕەشید بۆ گوڵان:

# لە هەشتاکان هونەر شۆڕش بوو، داهێنان بوو هونەرمەندیش پێشمەرگەیەک بوو لە بەرەی شەڕدا

***• بەکر ڕەشید ئەو هونەرمەندەیە کە ساڵانێکە لە خزمەت هونەری کوردیدا بوونی هەیەو خاوەن توانستێکی بەرزی هونەرییە. لە هەردوو بواری هونەری نواندن و کاری دەرهێناندا ڕۆڵی خۆی بینیوە، ئەمانەش لە پشت دەرکەوتنی هونەرمەند بەکر ڕەشید بوونیان هەبووە، هەربەو مەبەستەش بوو ئێمە لە گۆڤاری گوڵاندا ئەو دیمانەیەمان لەگەڵدا سازکرد.•***

**دیمانە: سۆران مارف کەریم**
Soran_marf1980@yahoo.com

*** سەرەتا دەمانەوێت دەستپێکی کاری هونەریت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان باس بکەیت، چ شتێك تۆی بە هونەرەوە گرێدا؟**

- سەرەتای هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان، ئەوکات بە کۆمبارس و کاری شانۆیی منالان چوومە دنیای هونەرەوە، ئەو بەرهەمانەی بەشداریم تێدا کردووە ئەمانە بوون ( مامۆستا شلێر) لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند عومەر عەلی ئەمین، پاشان شانۆی (مانگرتن) و( ئابلوقە) لە دەرهێنانی هونەرمەند غازی بامەڕنی، ئیتر ئەم عەشقە هونەرییە لەگەڵ تەمەنم چرۆی کردوو تا ئێستاش وەك ئەکتەر و دەرهێنەرێك گەمە لەگەڵ ژیان و هونەر دەکەم.

*** لە ناو هونەری نواندندا، چ شتێك کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی بەکر ڕەشید هەبوو؟**

-بێگومان خاك و ناسنامە و عەشق و دایك ئەمانە کاریگەری زۆریان هەبوو بۆ ئەوەی ببمە دەروێشی شانۆی کوردی، چونکە هونەر بەبێ عشق لە دایك نابێت.

*** سەرەتا بنەماڵەی ئێوە چۆن پێشوازییان لە تۆو هونەرەکەت کرد بیرکردنەوە و تێڕوانینی بنەماڵەکەتان بۆ هونەر چۆن بوو؟**

- ئەگەر چی لە بنەماڵەیەکی هەژار، لە شاری سلێمانی لەدایك بووم. بنەماڵەکەم هاندەری راستەقینەی هونەر بوون، دایکم هیچ لەدایکی مەکسیم گۆرکیێ کەمتر نەبووە. هەمیشە هاندەرم بووە بۆ خزمەت کردنی وڵات و هونەرەکەم، بۆیە خۆم کردۆتە سووتەمەنی وڵاتەکەم هەمیشە لە هونەردا بەخشندەم، تا ئەو ڕۆژەی دەمرم قەرزاری دایکمم، ئەگەر ئەو نەبوایە (بەکر ڕەشید) ی ئەمڕۆ نەدەبوو.

*** ئەو دەمە واتا ساڵانی هەشتاکان بە سەردەمی زێڕینی هونەر ناو دەبرا، ئەو دەستەواژەیە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئەدی ئێستا هونەر چۆن دەبینی؟**

- سەردەمی هەشتاکان هونەر شۆڕش و داهێنان بوو، هونەرمەندیش پێشمەرگەیەك بوو لەبەرەی شەڕدا، بە گژ دوژمندا دەهاتەوە، ساڵانە فیستیڤاڵ و کارکردن بەردەوام بوو، چەندین جار هونەرمەند دەگیرا و رەوانەی بەندیخانە یان قەسابخانەی بەعسی دەکرا. ئەو کاتە هونەرمەند بێ باڵ بوو لە مەرگ و ئاگردا هەمیشە دەسووتا، بۆ ئەوەی ناسنامەی وڵاتەکەی بە دەست بهێنێت، بە گوێی جیهاندا دەی چریکاند، ئێمەش گەلێکین هونەرو خاکمان هەیە، بۆ وەك گەلان ئێمەش ناومان نەبێ. من لەو سەردەمە لە شانۆی (قەرەج)دا گەورەترین خەڵاتی شانۆیم لە سەر ئاستی عێراق وەك باشترین دەرهێنەر وەرگرت. بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی ئازادی وڵاتدا هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوە! ئەوەی نرخی بۆ دانەنرێت هونەرمەندە! ژیان بۆتە سیاسەت، شانۆ ڕووی لە قەیران کردووە، هەموو شتە جوانەکانی ژیان بۆتە پارە! ئەوەی نرخی نەبێ هونەرو هونەرمەندە! وڵات بۆتە جەنگستان، ئەوەی بەهێز نەبێ ناژی. هۆڵی شانۆکان بۆتە هۆڵی سیاسەتمەداران. لە کۆبوونەوەی دیالۆگی درۆ زیاتر هیچی تیا ناوترێ. هونەر فەرامۆش کراوە

تا ئێستا لەم کوردستانەدا هۆڵێکی شانۆیی نییە کە پێی بوترێ هۆڵی نمایشی شانۆ. هونەرمەندان لە بەر بژێوی ژیان دابەش بوونە، مێژوو لە یاد کرا! ئەوەی سەر بە گروپێك نەبێ کاری بۆ ناکرێ. هۆڵەکان داخراون پەرتوکی شانۆکان تۆز خواردوویەتی، ئەوەندە تیپی هونەری دروست بوو هەر مەپرسە. ئەوە داهێنان نییە. ئەمە قەیرانە قەیران! حوکمەتی هەرێم دەزگای هونەری رێکخراوەکان وەزارەتی رۆشنبیری هونەرمەند خۆیان بەرپرسن بەرامبەر خولقانی ئەم قەیرانە. ئەو وڵاتەی هونەر ناسنامەی نەبێت ژیانی داهێنانیشی نابێت.

*** بەربڵاوی هونەری کوردی گرتۆتەوە، ئەو بەر بڵاوییە بۆ هونەری نواندن لە چ ئاستێکدایە؟**

- هەر هونەرێك کە بووە هونەری پاشکۆی سیاسەت، ئەوا ئەو هونەرە مردووە. چونکە هونەر ئاوێنەی ڕاستییەکانە، هەر هونەر هەڵگری نامەکانی گەل و هاوڵاتییە. ئەم بەر بڵاوییەش حزب و دەسەڵات دروستیکردووە. ئەگەر دابڕان لە هونەر رووبدات، ئەوا وڵات نغرۆ دەبێت، ئایندەش دەبێتە هەڵم و جوانییەکانی ژیان دەبێتە سەراب!!

*** هەندێك زۆر تەئکید لە قەیرانی شانۆی کوردی دەکەنەوە، تۆ چ باس لەو ئاریشەیە دەکەیت، پێت وا نییە دەقی زیندوو ئەمڕۆش کاریگەری لەسەر شانۆی کوردی هەیە ؟**

- هەر کارێکی هونەری باش، لە هەموو زەمەن و سەردەمێکدا، کاریگەری خۆی هەیە. ڕاستە ئەمڕۆ شانۆ هەیە، بەڵام نابێ ئەوەش لە یاد بکەین هونەرمەندیش بۆخۆی لە قەیراندا دەژی. ئەم قەیرانە هەموو دنیای گرتۆتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا هونەرمەندی ڕاستەقینەش هەیە، کە بەردەوام کار دەکات، بەڵام دەقی زیندوو و بەرهەمی چاك ئەوەندە کەمە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

*** بەگشتی ئاستی دەرهێنەرەکانمان چۆنە؟ ئایا تا ئێستا خاوەنی دەرهێنەری ئەکادیمین؟**

- هونەر خۆی بۆ خۆی ئەزموونە، ئێمە هونەرمەندین لە ئەزموونداگەشەمان کردووە، ئەو کارانەی لە ڕووی داهێنان دەکرێت هەمووی خەون و خەیاڵی هونەرمەند خۆیەتی. نەخێر تائێستا خاوەنی دەرهێنەری ئەکادیمی نین.

*** تۆ وەکو دەرهێنەرێك تا چەند هەوڵت داوە، جیاکاری و نوێکاری لە کارەکەتدا بکەیت لە کاتێکدا، زۆر لە دەرهێنەرەکانمان لە ڕووی تەکنیکی دەرهێنانەوە شێوازی کارکردنیان یەك دەگرێتەوە؟**

- لە هەموو ڕوویەکی هونەرییەوە، کاری دەرهێنان کاری داهێنانە. من بەردەوام لە ئەزمووندام، خەونەکانم تا ئێستا نەهاتۆتەدی، لە هونەردا لوتکە نییە. وەك بەکر ڕەشید کار دەکەم لە دەرهێنەرەکانی تر جیاوازم، واتە من هەم و ئەوانیش هەن. هەر کەسە لە کارکردندا شێوازی جیاوازە. پاشان ئێمە لە ڕووی تەکنیکییەوە زۆر لاوازین، لە بەر ئەوەی تەکنەلۆجیا لە وڵاتی ئێمەدا نییە.

*** پێشنیازت بۆ باشتر کردنی هونەری نواندن چییە؟**

- هونەری نواندن، هونەری بەخشندەیە. پێویستە ئەکتەر تەواو لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە ئاستی لەسەرێ بێت. لەگەڵ خۆی و هونەرەکەیدا راستگۆ بێت. چونکە کاری نواندن گەمە کردن نییە، ئەگەر بێت و ڕاستگۆ نەبێت دەبێتە خۆڵەمێش لە یاد دەکرێت.

*** ئایا ئێمە خاوەنی سینەمای خۆمان نین؟**

- نەك ئێمەی کورد، بەڵکو عەرەبیش خاوەنی سینەما نییە، ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێت ئەزموونە. هەوڵ دانە بۆ ئایندە.

*** لایەنی پەیوەندار و هەنگاوەکانی لە خزمەتی هونەردا چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟**

-لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ خۆیان کار دەکەن. بۆ هونەرمەندی ڕاستەقینە کار ناکەن! ئەوان تەنیا بۆ حزب و پیاوەکانی خۆیان کار دەکەن. ئەویش خۆی بۆ خۆی جارێکی تر هونەرمەند و هونەر دەکوژێ! بۆیە دەبینین هونەر لە وڵاتەکەماندا ئاستی دابەزیوە. وڵات بۆتە وڵاتی حزب و سیاسەت، نەك هونەرو ڕۆشنبیر! بۆیە دەبینین چەندین ساڵە ئازادین، بەڵام ئازادی ڕۆح و هونەرو داهێنان نین!

*** بەرامبەر ئەو زنجیرە درامایانەی کە ئێستا لە تەلەڤزیۆینەکان بڵاودەکرێنەوە ڕات چییە؟**

-زۆرینەی ئەو درامایانەی لە شاشەی تیڤییەکانەوە دەبینرێن نیگەتیڤە. هەندێك نەبێ کە خۆی لە دڵی میللەتدا کردۆتەوە، خەریکە ئەو ئەزموونە نوێیەی کە دراما پێی دەڵێن ڕێچکەی خۆی بگرێت، ئێمەش لە ئایندەدا بتوانین ببین بە خاوەنی دراما.

*** کەموکوڕییەکانی درامای کوردی چین؟**

-کەموکوڕی درامای کوردی زۆرە، ئەمەش دەکرێت بەپێی ئەو ئەزموونەی کە هەمە ئەگەر بە چەندین لاپەڕە باسی بکەم، هێشتا بەتەواوی وەڵامەکەم نەداوەتەوە.

*** پڕۆژەو بەرنامەی ئێستاتان چییە؟**

-پڕۆژەیەکی داهاتووم درامایەکی نوێیە، بە ناوی (گەمەی باڵندەکان ) لە نووسینی (مەسعود حەسەن )، ئەم بەرهەمە، بەرهەمی کوردستانە tv یە. چەند هونەرمەندێکی بە ئەزموون و لاو ڕۆڵی تێدا دەبینین و وێنەگرەکەش (پێشەوا تەیب)ە. ناوەڕۆکی بەرهەمەکە باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆمان دەکات، بە تایبەتی کێشەی گەنجان. ئەم درامایە لە سلێمانی، کەرکوك، ئەستەنبوڵ وێنەی گیراوە. چاوەڕوانین لەم ساڵدا پەخش بکرێت.

*** بەنیازن لە بەشی سێیەمی گەردەلوولدا بەشداری بکەن، ئەگەر بەشداری بکەن، چ ڕۆڵێکتان دەبێ؟ ئەگەر بەشداری نەکەن هۆکارەکەی چییە؟**

- ئەم پرسیارە پێویستە لە جەلیل زەنگەنە بکرێت، نەك لە من. چونکە ئەو خاوەنی ئەم زنجیرەیەیە. وابزانم من ڕۆڵم نییە، چونکە بەشی سێیەمی گەردەلوول ستایلێکی دیکەی وەرگرتووە.

*** هەندێك لە ڕووی مێژوویی و تەکنیکیەوە باسیان لەکەم کوڕی درامای گەردەلول کرد، تۆ لەو ڕووەوە دەڵێی چی؟**

-هیچ بەرهەمێك یان درامایەك یان فیلیمێك بێ کەموکورتی نابێ، بێگومان گەردەلوولیش وەك هەموو درامایەکی دیکە، کەموکورتی خۆی هەیە.

